# ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات لە بەردەم ئاسۆیەکی تاریکدا..!

ئارام قزلەری
ستۆکهۆڵم



کێن ئەوانەی لە ژیانی غوربەتیشدا هەستی نەتەوایەتیان هەر بەردەوامە؟
ئەندامانی ڕێکخستنەکان بریتین لە کێ؟
ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بریتین لە کادرو پێشمەرگە دێرینەکانی سەردەمی شاخ، ئەوانەن کە هەمو تەمەنی لاویتی خۆیان بە فیرۆدا لە پێناوی خەبات کردن و بە ئاوات گەیاندنی دواڕۆژێکی پڕ لە بەختەوەری بۆ گەلەکەیان. ئەندامانی نوێش بریتین لەو مرۆڤە لاوانەی کە تەمەن بواری پێ نەداون لە کات و زەمەنی خۆیدا بەژدار بن بۆ خزمەتی گەلەکەیان. پێشتر پەیوەندیان نەبووە لە هەندەران بونەتە ئەندامی ڕێکخستنەکان و بە بیرێکی نوێ و جۆشێکی نەتوایەتییەوە بەردەوم خەبات دەکەن بۆ بەرەو پێشچونی ڕیکخستنەکان و ناساندنی میللەتی کورد بە نەتەوە جیا جیا کانی جیهان .
پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش هەتا ئێستاش ئەو کەسانەی کە زۆر لە مێژە لە هەندەران ژیان بەسەر دەبەن زۆربەیان دڵسۆزی میلەتەکەمانن هەوڵ ئەدەن بۆ پاشە ڕۆژێکی ڕوناک بۆ گەلی کورد. بەردەوامن لە خەبات کردن بێ پاداشت و لەسەر بژێوی ژیانی خۆیان کارەکانی ڕێکخستن جێبە جێ دەکەن‌و زۆر کات بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان خستۆتە پاش بەرژەوەندی گەلەکەیانەوە.

بە ئاشکرا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لەوخەڵکە شوڕش گێڕانەی هەمو کات پاڵ پشتی ڕیکخستنەکانی دەرەوە بون.. دژایەتی دەکرێن‌و کە نار خراون و هەندێ کۆمیتەش بونەتە حانوتێکی قوتابخانەو هەر ساڵەی بۆ دەستەیەک دەر دەچێت.. بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانی تیا جێ بەجێ دەکەن..... تاکو تەرا خەڵکانی دلسۆزی تیا دەر دەچێت بۆ خزمەت کردن بەڵام بواری پێ نادرێت، لە بەر ئەوەی وەکو کوتلە.. یان نابێتە مقاشی دەستی بەرپرسێک.. بە ئارەزوی خۆی مەرامەکانی خۆی پێ جێبەجێ بکات... ناچار ئەو کەسە دڵسۆزانە یان واز دێنن لە خەبات کردن گەر سوریش بن لە ڕەوتی خەباتیان ڕوبەڕوی دەیان کێشەی گەورە دەبنەوە.
خۆپەرستەکان بێ ئیرادەو فیکرەکان و داردەستی هەندێ لە هەڤاڵان لە پشتەوە و وەک بوکی سەماکەر هەڵیان ئەسوڕێنن و بونەتە ڤایرۆسی ناوڕێکخستنەکان و مرۆڤە هەلپەرستە بێ پرنسیپەکان کەهیچ سنورێک و زامنێکیان نیە بۆ گەشتن بە بەرژەوەنیە تایبەتیەکانی خۆیان
میکرۆبی ناو ڕێکخستنەکانن و هۆکاری کێشە دروستکراوەکانی ناو ڕێکخستنەکانن.. دەروازەیەکی کراوەن بۆ ناحەزان و دوژمنان بە فەرمانی ئاغاکانیان بەربەست بۆ هەڤاڵە تێکۆشەرە بەئەمەکەکان دروست ئەکەن و بەگژیاندا دەچن و هێزو تواناکان بەفیرۆ ئەدەن .

دروشمی هێنانە پێشەوەی گەنجان و ژنان وێردی سەرزمانی هەموانە و لەجێی خویدایە ئاراستەی پرسیارمان لە مقاش بەدەستەکان بکەین ، کام گەنج و کام ژن و بەرەچاوکردنی کام بەرنامەی
پێگەیاندنی گەنجان ، گەنجە بەتواناو بەهرەدارەکان کە پلە ڕێکخراوەیەکانی بە چالاکی و کارامەیی خۆی بڕیبێت یان بە

پشتیوانیەکی زۆری مقاشەکان و لەسەربنەمایەکی تری دۆستایەتی وەستاکان . کام ژن ؟ ژنە تێکۆشەرو خاوەن کەسایەتی سە ربەخۆ فیکر ئازادەکان
یان بێ ناوەرۆکەکان ، سنور دانان بۆ بەکارهێنانی وشەی ژنان و گەنجان بۆ مەرامە تایبەتیەکان بۆ ڕێزگرتنە لە خەباتی گەنجان و ژنە کارامەکان .

لە ڕیکخستنەکانی دەرەوەی وڵات وا چاوەڕوان ئەکرا پێشەنگ و داهێنەر بێت بۆ ڕێکخستنەکانی
ناوەوەی وڵات بە لام ئاوێنەیەکی ڕوشاوی تەماوی ڕێکخستنەکانی ناوەوەی وڵاتە و بێ بەرنامەی و کاری سەرپێی کەلتوری ڕێکخراوەیمانە و چەند مانگێکە چاوەڕێی کۆنفرانسی مەڵبەندی دەرەوەین بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕێکخستن لە دەروەی وڵات و هەندێ پرسیاری سەیر لای هەڤاڵانمان دروست بوە:

- لای کەس ڕون نیە کۆنفرانسی مەڵبەندی دەرەوەیە یان کۆبونەوەی ئەنجومەنی مەڵبەند ؟
- لە سەرچ بنەمایەک و کێ بەشدار ئەبێت؟
- ئایا پێش وەخت بڕیاری حەل کردنی مەڵبەند دراوە؟
- یان مەڵبەند دەبرێتەوە کوردستان ؟
- یان دەروەی وڵات دەکرێتە چەند مەڵبەندێک ؟

ئەوەی ڕونە لامان کەناڵەکانی ڕێکخستن کە شادەماری جەستەی ڕێکخراوەییمانن ، گیراون و بەکار نایەن و لیرەدا پرسیار ئەوەیە بێ بەرنامەیی تاکەی بەرنامەی کاری ڕێکخراوەییمان ئەبێ؟
کەی ڕێز بۆ ڕێکخستن ئەگەڕێتەوەو کەناڵەکانی سەرچاوەی زانیاری و پەیوەندیمان ئەبێت ؟
کەی سنور بۆ بەزاندنی پرنسیپ و پەیڕەوەکانی ڕێکخستن دائەنرێت؟
کەی هەندێ لە بەرپرسان پێوەرە خوارەکانیان ڕاست ئەکەنەوەو مقاشەکانیان فڕێ ئەدەن؟

2007/08/11

Aram_qzlary@hotmail.com